# دوو یاداشت:

بەشدار عەلی Bashdar_net@yahoo.com

## *بەهێزترین وەڵام بۆ (هیئە علماء المسلمین)، سەربەخۆیی کوردستانە!

هەموو هێزە دیکتاتۆر و تولیتارەکان هەمیشە سوود لە سەرگەردانی و ژێردەستەیی و پلەدوویی تاکەکان وەردەگرن، بۆیە بەردەوام کار لەسەر یەخسیری و کۆیلایەتی کۆمەڵگا دەکەن چونکە بوونی تاکێکی ئازاد و سەربەخۆ دەرفەتی بونێك بۆ ئەو هێزە دواکەوتوانە ناهێڵێتەوە. ئەمجارەشیان بۆ چەندەمین بار (هیئە علما ء المسلمین العراقی) هەرەشەیان لە خەڵکی کوردستان کرد و یەکپارچەی خاکی عێراق دووپات دەکەنەوە و کار لەسەر ئەو یاسایەی سەرەوە دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی گوایە (پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و سامانە سروشتیەکانیان پەسند کردووە و بەبۆچوونی ئەوان ئەمەش بەشێکە لە هەنگاوی سەرەتایی بۆ سەربەخۆیی کوردستان. سەرباری ئەوەی کە یاسای نەوت و سامانە سروشتەکان من تێنینی خۆم لەسەری هەیە، بەڵام باسەکەی ئێمە ئەوە نیە و ئێمە دەمانەوێت لەسەر هەڵوێست و سەرەرۆیەکانی هیئەی علمای مسلمین چەند قسەیەك بکەین..

پێش هەموو شتێك پێویستە ئەو پەیامە بۆ برادەرانی هیئەی مسلمین و هاو بیرەکانی دووبارە بکەینەوە کە نەك هەرهیچ وەسیلەیەك نیە ئەو هیئە و خەڵکی کوردستان بەیەکەوە ببەستێتەوە بەڵکو خەڵکی کوردستان بەهەزار و یەك شێوە ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان لەگەڵ ئەمانە راگەیاندووە، لەبیرکردنەوە و قسەکردن و ئامانج و خواست و هیواو ئاواتەکانی خەڵکەوە تێدەگەیت کە خەڵك چەندە بەرنامە و پرۆگرامی ئەو هیئەیان رەفزە و چاویان لە ئاسۆیەکی پرشنگدارە. لەلایەکی ترەوە هیئە مسلمین کۆمەلەیەکی دینیەیە، دینیش کاری تایبەتی هەر ئینسانێکە چ پێویست بەوە دەکات حیزب و حرکە و ریکخرا و کۆمەلەی بۆ دروست بکرێت و دەم لە هەموو کارێك بدەن و لەبەرامبەر هەموو کارێك بوەستێتەوە کە ئازادی و سەربەخۆییو خۆشگوزەرانی لە دواوە بێت. لەخوێن هەڵکێشانی ئەو هەموو منداڵ و پیر و گەنجە بەس نیە، بەرێکردنی جۆگەڵەی خوێن رۆژانە لەچەندین کوچەو کۆلانی ئەو دونیایە بەس نیە، کۆیلەکردنی هەزارەها ئافرەت و منداڵ بەس نیە تا ویژدانیان ئاسوودەو بێت و دڵیان ئاو بخواتەوە؟!

جگە لەمانەش ئەو هەنگاوانەی (هیئەی علما ) ژێر پێنانی هیواو ئاواتی هەزارەها خەڵکە کە دڵیان بۆ سەربەخۆی و ئازادی لێدەدات.

ئەمە چەند جارێکە(هیئەی مسلمینی عیراقی) هەرەشە لە خەڵکی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت و ویژدانیان ئازاریان دەدات کە خەڵك لە هێمنی و ئارامیدا بژیت و دەیانەوێت خەڵکی کوردستانیش بکێشنەناو ئەو وەزعیەتە مەرگەساتەی بەغدا وبەسرا، بەڵام ئەمجارەیان دەبێت دەمکوت بکرێنەوە و با بۆخۆیان لە مزگەوتەکان رۆژانە 5000 نوێژ بکەن و خەریکی عیبادەت بن، بەڵام بۆیان نیە هێرش بکەنە ئازادی و سەربەخۆی و ژیانی کەسانێکی ترەوە کە دەیانەوێت وەکو ئینسان بژین.

ووتەیەك هەیە دەڵێت (تا ماشە هەبێت دەستی خۆت مەسوتێنە!) بەبروای من دەبێت ئێمەش هەر ئاوا بکەین وهەرەشە و گورەشەکانی هیئە علما ء هاوشێوەکانیان لە حکومەتە کاتۆنیەکەی بەغدا دەبێت بە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان وەڵام بدرێتەوە و بۆ هەتا هەتایە رزگارمان بێت لە پلەدوویی و سەرگەردانی و ژێر دەستەیی، ئەمە کارێکە دەبێت دەسەڵاتدارانی کوردستان بە زووترین کات بچنە پاڵی و خەڵکی کوردستان لەبەرامبەریدا یەکگرتوو و رێکخراو بن و وەڵامی هەموو ئەو هێزانەی پێ بدەنەوە کە دەیانەوێت چارەنوسێکی نارۆشن و لێڵ بکەنە نسیبی خەڵکەکەی.

## *نیگەرانیان لە سایتەکان، پەرۆشیانە بۆ گەندەڵی زیاتر

ماوەیەکە کۆمەڵێك زوورناژەنی دەسەڵات و گەندەڵکاری ئەو مەملەکەتە نیگەرانی و پەرۆشیەکی زۆر و نیگەرانیەکی قوڵ لە رووخسارياندا بەدیدەکرێت لەبەرامبەر سایتەکانی ئەنتەرنێت و ئەو بابەت و مەسەلانەی کە لە سایتەکاندا دەوورژێندرێن، وە ئەمە بۆتە جێگای نارەزایەتیان و دەیانەوێت وەکو رۆژنامە و گۆڤار و بلاۆکراوەکانی تر سنورێکی بۆ دابنێن، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە کەناڵی زاگرۆس بەرنامەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات و نوسەر و رۆشنبیرەکانیشیان گۆشە و نوسین و گفتوگۆکانیان بۆ ریسواکردنی سایت و نوسەرەکانیان تەرخان بکەن و کۆر و سیمیناراتی بۆ ببەستن.

لەم نێوەندەدا (جمال عبدللە و حمە سعید حەسەن و عادل قەرەداغی و فەرهاد محمد)و چەند کەسێکی تری نێو دەسەڵات وسوودمەند، لە سەرەتادا ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە، بۆ ئەوەی دەنگەکانمان کپ بکەنەوە و نیشانەکەکە بە رووی ئەواندا نەچێت.

من لەچەندین شوێنی تر دووبارە نوسیومە و دووبارەی دەکەمەوە بەهیچ شێوەیەك سوکایەتی و جنێو و ناوزراندن جێگای قبوڵ نیە، بەڵام باس کردنی زۆرێك لە بابەتەکان لە سنوری رەخنە و گلەیی و گازاندە تێپەری نەکردووە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت رەخنەکان بەدڵی کەسانێك نیە کە هۆکاری دوورست بوونی ناعەدالەتی و

نایەکسانی نێو کۆمەڵگان، بەدڵی ئەو کەسانە نیە کە هەست دەکەن کۆشکی شاهانە و ژیانی خۆشگوزەرانی و رەفاهەتیان بەم شێوەیە ناچێتە سەر چونکە ئەمانە موڵکی خەڵکن، بەدڵی کەسانێك نیە کە بەسامانی خەڵك تەراتێن دەکەن و یاریش بە چارەنوسی خەڵکەکەی دەکەن، وە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم زمانی جنێو و زبر و ناشیرن ئەوە هەر حمەسعید و حسەن و جەمال عبدللە و هاوسەنگەرەکانی ئیستا بوون بۆ بەرژەوەندییەکان و کێبرکێی حیزبیدا لە کاتی شەری ساردد، فێری خەڵکیان کرد و ئەو نەوەیان پێ پەروەردە کرد.

لای هەمووومان رۆشنە کە زۆربەی هەرەزۆری بلاۆکراوەکانی کوردستان بەهەموو شێوازەکانیەوە لەلایەن دەسەلاٌت و حیزبەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە و هەر لەلایەن ئەمانیشەوە ئاراستە دەکرێت، بۆیە رەزای رۆژنامە و بلاۆکراوەکان لای خەڵك قورسە و خەڵك رقیان لە خوێندنەوە و نوسینە، بەلاٌم خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەنتەرنێت و بەکارهێنانی گەیشتە بەر دەستی خەڵکی کوردستان و ژمارەیەکی زۆریش وێب سایتی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی و فەرهەنگی و هونەری و هەتا زانستیش بەزمانی کوردی کرایەوە و خەمی دەسەلاٌتداران و کەسانێکی سوودمەند لەم نێوەندە ئەوەیە ناتوانن دێر بە دێری ووشەی ناو سایتەکان کۆنترۆڵ بکەن، بەلاٌم ئەوەی جێگای پرسیارە ئەو کەس و لایەن و دەزگایانە لە چی نارازین؟ کێن ئەوانەی لە بابەت و بلاۆکراوەکانی نێو سایتەکان تورە و نارازین؟ سەیر دەکەین گەندەڵی و دزی و راوو رووت بیناقاقای خەڵکی گرتووە ولە بلاۆکراوەکان باسێکی لێناکەن و تەنها لە سایتەکاندا تروسکایەکی ئازادی شك دەبرێ بۆ ووروژاندنی ئەو باسە، سەرگەردانی و بێ ئومێدی ناخ و دەروونی هەزارەها گەنج ولاو و منالٌ و پیرو پەکەوتەی داگیر کردووە، بەلاٌم پەنجەرەیەکی دەنگ هەڵبرین بەدیناکەیت، بێ مافی و نایەکسانی رۆژانە چاو دڵ و دەروونمان ئازار دەدات، بەلاٌم هێزێکی دادوەری شك نابەیت و گوزارشتێکی راست و رەوان بلاۆناکرێتەوە، رۆژانە تەرمی دەیان ئافرەت لە کوچە و کۆلاٌنەکان فرێ دەدرێن، بەلاٌم دەزگایەکی راگەیاندن تەنانەت هەواڵەکەشی بە پێویست نازانێ، بەکورتی ئەو دەزگایانە دیووە ساختەکەی کۆمەڵگای کوردستانیان پیشانی دەرەوە داوە و دیوە راستەقینەکەیان شاردۆتەوە... ، بەڵێ لەم نێوەندەدا سایت و ژوورەکانی پالٌتاك باشترین کەنالٌ بووە بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر (هەندێك) دزی و راووڕووت و بێمافیەکانی ئەم مەملەکەتە بە کەمترین ئازاردانی دەروونی و جەستەیی! بەهێزترین دەروازە بووە بۆ بەتاڵکردنەوەی خەڵکی نارازی لە سیستەکانی نێو کۆمەڵگا، سودی بە زۆرێك لەم رۆشنبیر و نوسەرانە گەیاند بە بەلەدلاٌ بوونی هەزار و یەك هیوا رووی لە رۆژنامە و بلاۆکراوەکان دەکرد، بەلاٌم بە توندی دەرگاکەیان بە روودا دەدایەوە.

تەنهاو تەنها ئەو کەسانە نارازین و نیگەرانن کە دەیانەوێت ئەو وەزعیەتەی ئیستا هەر بەردەوام بێت، نایەکسانی زیاتر لە نێو توێژەکاندا قولٌ ببێتەوە، بێ مافیەکان زیاتر ببێت، سەرگەردانی ببێتە چارەنوسی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە، بێ ئومێدییەکی زیاتر ناخی لاوان بهەژێنێت و خۆکوژی و کۆتایهێنان بەژیان لای کچ و کوڕان وەکو ئیستا ببێتە رێگاچارەی دەرباز بوون لەم وەزعیەتە و دەروازەیەکی باشتر بە رووی خۆیدا شك نەبات، سەدایەکی لەو جیاوازتر نەبیسترێ.

بەلاٌم لەسەر تەواوی نوسەران و رۆشنبیران و تەواوی ویب سایتەکان پێویستە ئەم هێرشە نارەوایە وەلاٌم بدەنەوە چونکە ئەوە هەنگاوێکی سەرەتایە بۆ مردن و کپ کردنەوەی دەنگە جیاوازەکان، بیگومان ئەگەر دەنگی جیاواز و رەنگی جیاواز بەدینەکرێت ئەو کاتە مانایەك بۆ ژیان و بەردەوامی نامێنێتەوە.